رۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی رۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 16:42 7-8-2007

## رۆژنامەنووس هەمیشە تیرۆرستە؟! ... مەحەمەد سیاسی ئەشكەنەیی



رۆژنامەنووس ئەو كەسەیە كە هەمیشە بە دوای پاكی و ڕاستیدا وێڵە، ئەیەوی ڕاستیەكان بخاتە ڕوو، قسە لەسەر دیاردەكان بكات، ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە بی ترس ئەنووسی و ڕەخنە ئەگری و بەچاوی حەقیقەت و راستی و بیلایەنانە باسی شتەكان ئەكات، بەڵام لە كوردستان رۆژنامەنووس ناتوانی راستی بڵی، بە ورەوە باسی وردەكاریەكان بكات و ڕەخنە لە گەورەترین بەرپرس تا بچوكترینیان بگرێت، چونكە زۆر لە بەرپرسان ناتوانن هەزمی ئازادی بكەن كە هەر خۆشیان باسی لێوە دەكەن لەكەناڵی راگەیاندنەكان، ڕۆژنامەنووس ماندونەناس و پێشمەرگەی فیداكاری قەڵەم بە دەستی نەتەوەكەی خۆیەتی، بەڵام لە كوردستان لەسەر بچوكترین ڕەخنە ئەبی بە تیرۆرست و جاسووسی ئەملا و ئەملا، ئیتر ئەیگرن و ئەیخەنە زیندانەوەو ناهێڵن لە زیندان بێتە دەرەوە، خواش دەزانی چەندین توهمەی نەبووی ئەدەنە پاڵ، جیا لەوەش كە ئەو لە زینداندایە لێدوانی رۆژنامەنووسیشی لە جیات ئەدەن كە ئەو هیچ نازانی و ئاگای لەو مەسەلەیەش نیە، وای لی ئەكەن كە ئیتر قەڵەم نەكاتە سەر كاغەزو ئیتر نەنووسی.

رۆژنامەنووس دیلی دەستی چارەنووسە ناتوانی بە قەڵەمەكەی تەعبیر لە بۆچوون و تێروانینەكانی خۆی بكات، تا چاودێر بی بەسەر دەسەڵات، بۆیە ئەستەمە تازە دەسەڵاتی چوارەم لە كوردستاندا بە كردەوەو بەیاسا بچەسپێت، چونكە زۆر لە رۆژنامەنووسان قەڵەمەكەی خۆیان فرۆشتووە، نەیان توانیووە ئەرك و مەهامی رۆژنامەوانی خۆیان بەجی بهێنن و بە كردەوە پارێزگاری لە پیشەكەی خۆیان بكەن و بە دەسەڵاتیش بڵێن نا بۆ گرتن نا بۆ توندو تیژی دژی رۆژنامەنووسان، كە گەندەڵی لەم وڵاتە هەیە لەسەرەوە تاخواری ئەبی حكومەت و حزبەكان بە گیانێكی پڕتەبایی و خۆشەویستی بۆ یەكتری چاكسازی بكەن لە كاروبارەكانی رۆژانەیاندا چونكە هەر وڵاتێك گەر نەیتوانی چارەسەری گەندەڵی بكات ئەوا شێواویەك دروست ئەبی و یاسا وەكو خۆی لەوڵاتدا ناچەسپێت.

رۆژنامەنووس بێبەشترین و بێمافترین پیشەكارە كە حكومەت و بەرپرسان وەك پێویست گرنگی ئەوتۆیان پێنەداوە، بەرپرسان گەر چاویان بە رۆژنامەنووسێك دەكەوی لایان وایە دوژمنە ئیتر هاتووە روحیان دەكێشی، كە رۆژنامەنووس لە وڵاتان پێداویستیەكانی وەك كۆمبیوتەرو كامیراو ریكۆردەرو موچەی رێزلێنانی بۆ دابێن نەكراوە، چونكە بەرپرسان هەمیشە رۆژنامەنووسیان بە مەترسی زانیوەو وایان زانیووە كە ئەو تەنها بەدوای كەم و كوڕی دا دەگەڕی، كە رۆژنامەنووس باس لەكارەباش و پرۆژەباشەكانی خزمەتگوزاری وڵاتیش دەكات، چونكە رۆژنامەنووس بی فەرق ئەنووسی و ڕق و كینەو غەرەزی لەگەڵ

كەس نیەپیاوی هیچ لایەن و هیچ دەوڵەتێكی بیانیش نیە وڵاتەكەی خۆشی ناگۆرێتەوە بە هەموو دونیا، بەڵكو زۆر رۆژنامەنووس هەن قەڵەمەكانیان هەرزان فرۆش كردووە بە ویستی هەندی بەرپرس شت ئەنووسن، كەزۆریان هەن هونەرمەندن خۆیان كردووە بەرۆژنامەنووس و زۆریشیان دەیانەوی بازرگانی بە رۆژنامەو رۆژنامەنووسیەوە بكەن، وە هەندی رۆژنامەنووسیش هەن ئەلقە لە گویی دەسەڵاتن و ناوێرن رەخنەیەك بگرن هەر ستایش ئەكەن كە واش نیە، چاك وایە سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان دوای كۆنگرە بیرێك لە شێوازی ئەندام وەرگرتن و دەركردنی ئەو زۆرو بۆریەی رۆژنامەكان

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بکاتەوە کە زۆر لەو رۆژنامانە مۆرکی رۆژنامەوانیان تیادا نیە، چونکە هەر ئەو جۆرە رۆژنامانەن رۆژنامەو رۆژنامەنووسیان کەم بایەخ کردووە لای حکومەت و بەرپرسان و خوێنەران، کە زۆر لەو رۆژنامانە منعەیەکی زۆر وەر دەگرن و دوای چەند مانگێك رۆژنامەکە لەکار دەکەوی و منعەکەش دەخۆن، هەر بۆیەشە کاتی کە رۆژنامەنووسێك دەستگیر دەکری وەك پێویست رێزی لی نانری چونکە ئەو پاشاگەردانیەی لەناو رۆژنامەوانی کوردیدا هەیە لە هیچ ولاتێکدا ئەوە نیە، کە ئەتوانین بلێین خوێنەری رۆژنامەش لەگەڵ ئەو زۆرو بۆریەی رۆژنامەکاندا کەم بۆتەوەو رۆژنامەش کەم بایەخ بووە، چونکە زۆرێك لە رۆژنامەکان هەواڵ و چاوپێکەوتنەکان بەشێواوی بلاو ئەکەنەوە و گرنگی پی نادەن، هەربۆیەشە دەسەلات گرنگی بە رۆژنامەنووس نادات، کاتێك کە رۆژنامەنووسێك دەستگیر دەکرێت ئەیکەن بە تیرۆرست و پیاوی فلان دەولەت و فلانە جێگا چونکە رۆژنامەنووسی راستەقینە ئەو شتانە ئەخاتە ڕوو کەکەس ناوێری بیانخاتە ڕوو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.